حزبی دیموکرات: پێنج جار هێرش کراوەتە سەر کەمپی بنەماڵەکانی حزبەکەیان لە نزیك کێیە



حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رایگەیاند، ئەمڕۆ چوارشەممە، پێنج جار هێرش کراوەتە سەر کەمپی بنەماڵەکانی حزبەکەیان لە نزیك کێیە.

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە راگەیەندراوێکدا وتی، کەماری ئیسلامیی ئێران ئەمڕۆ چوارشەممە، هەتا ئێستا پێنج جار هێرشی کردوەتە سەر کەمپی بنەماڵەکانی حزبی دیموکرات لە نزیك شاری کێیە.

ئەوەشی خستەڕوو، لەم شەپڵی نوێی هێرشانەدا کە بە موشەک و دڕۆن کراون، زیانێکی زۆری ماددی بەر شوێنی ژیان و حەوانەوەی بنەماڵەکانی حزبی دیموکرات کەوتوە.

هەمای بە ئەوەش کردوە، هێرشە بەردەوامەکانی سوپای پاسداران بە سەر کەمپی بنەماڵەکانی حزبی دەموکرات و هێروهها نەو شاری کێیە، بوەتە هۆی نائارامی و تێکچونی دۆخی ژیانی ئاسایی و ئەمنییەتی خەڵکەکە.

ئاماژەی بەوەشداوە، هەرشکانی کماری ئیسلامی بۆ سەر کەمپ و شوێنی نیشتجێبونی خەڵکی سڤیل و بنەماڵەکانی حزبی دیموکرات لە یەکەم ڕۆژی دەسپێکی شەڕی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل بەردەوام بوو لەو ماوەیەدا بۆ زیاتر لە 30 موشک و درۆن، هەڕەشی کردوەتە سەر کەمپە مەدەنییەکانی حزبی دیموکرات.